# هاوپشتی‌و پشتیوانی مه‌بده‌ئی

هاوڕێیانی خۆشه‌ویست له‌ حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق

به‌شێوه‌یه‌كی گرنگ ئاگاداری چالاكی حیزبه‌ ئاماده‌به‌كاره‌كه‌تان‌و ده‌سته‌كه‌وته‌كانی خه‌باتگێڕانی كۆمۆنیستی كرێكاری بووم له‌ وه‌ستانه‌وه‌یاندا له‌به‌رامبه‌ر داگیركاری ئه‌مریكی له‌ عێراقی براماندا، وه‌ وه‌ستانه‌وه‌یان له‌ به‌رامبه‌ر پیلانگێڕی تائیفی‌و مه‌زهه‌بی كۆنه‌په‌رستدا، كه‌ ڕووی له‌ زه‌وت كردنی ئیراده‌ی جه‌ماوه‌ری گه‌لی عێراقه‌، بۆ به‌دیهێنانی كۆمه‌لگه‌و نیزامی عه‌داله‌ت‌و دیموكراسی. ده‌مه‌وێت لێره‌دا به‌ناوی خۆم‌و خه‌باتگێڕانی كۆمۆنیستی مه‌غریبه‌وه‌، كه‌ له‌ یه‌كێتی«كۆمه‌ڵه‌ی»خه‌باتی شیوعیدا كۆبوینه‌ته‌وه‌، پشتیوانی مه‌بده‌ئی‌و بێ مه‌رجی خۆمانتان پێ ڕابگه‌یه‌نین‌و ئومێده‌وارین په‌یوه‌ندیمان بچێته‌ پێشه‌وه‌ له‌ پێناو چوونه‌ پێشه‌وه‌ی مه‌سه‌له‌كه‌مان‌و پرسی پرۆلیتاریای جیهانی و خه‌باته‌كه‌ی له‌ پێناو به‌دیهێنانی ئه‌لته‌رناتیڤمان، كۆمه‌لگه‌یه‌كی كۆمۆنیستیدا.

بژی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق

بژی كۆمه‌ڵه‌ی خه‌باتی كۆمۆنیستی مه‌غریب

بژی پشتیوانی نێونه‌ته‌وه‌یی پرۆلیتاریا

وه‌رگێڕ جبار محسن